گەشتێك بۆ گوندەکانی بناری قەندیل و مامەندە

ئا: محەمەد چاوشین ـــــــ بەشی یەکەم

لە پێناو دەرخستنی پێداویستی و کەم و کوڕیەکانی گوندەکانی بناری قەندیل گەشتێکی ڕۆژنامەنووسیمان بۆ ئەم ناوچەیە سازکرد. ئەو ناوچەیەی کە ئێستا بە هۆی بارودۆخێکی سیاسی تایبەتییەوە دەستی هاوکاری و ئاوەدانی ناگاتێ و دابڕاوە لە پڕۆژە و کاری خزمەتگوزاری.

هەرچەندە ئێمە ویستمان بەشێکی زۆری گوندەکانی بناری چیای قەندیل بەسەربکەینەوە و کەم و کوڕیەکانیان بخەینە بەرچاوی حکومەت و دام و دەزگا خێرخوازەکان بە مەبەستی چارەسەرکردنیان، بەڵام بەداخەوە خراپی باری کەش و هەواو بارینی بەفرو باران بووە کۆسپ و ڕێگر لەبەردەم تەواوکردنی گەشتەکەمان و نەمانتوانی سەرجەم گوندەکان بەسەر بکەینەوە. بۆیە تەنها دوو گوندی بناری قەندیلمان بەسەرکردەوە و لە گەڕانەوەشماندا لە بناری چیای سەرکەشی (ماممەندە) سەردانی دوو گوندی ترمان کرد و دواتریش بنکەی تەندروستی گوندی (سونێ)مان بەسەر کردەوە.

گوندی ئاڵیەڕەش

گوندی ئاڵیەڕەش گوندێکی خنجیلانەی بناری قەندیلە و لە قەدپاڵی چیای (سادر) هەڵکەوتووە، ئەو چیایەی کە سەردەمی شاخ پشت و پەنای پێشمەرگەبووە و بە هۆی سەختی و بەرزیەکەیەوە ڕژێمی سەدامی دیکتاتاتۆر هەرگیز نەیتوانیوە داگیری بکات، ئەم گوندە لە وەرزی زستاندا سارد و سەرمایەو بەفرێکی ئەستور دای دەپۆشێت، لە وەرزی بەهارو هاوینیشدا هەوایەکی فێنك و سازگاری هەیە.

ئاڵیەڕەش حەفدە ماڵە و نزیکەی سەد و پەنجا کەسی لێ نیشتەجێیە، بەڵام هەموو ماڵەکانی نەگەڕاونەتەوە و ئێستا نزیکەی بیست ماڵ لە تۆردوگای زۆرەملێی حاجیاوا و قەڵادزێ نیشتەجێن کە بە هۆی ئاڵیەڕەش بە یەکەوە نابەستێتەوە، بۆیە هەژاری و دەست کورتی و هاوکاری نەکردنیان نە گەڕاونەتەوە، ئەم گوندە لە سالی 1987 وێران کراوە و دواتر لە سالی 1992 دوای ڕاپەڕین ئاوەدانکراوەتەوە کە ئەو سەردەمە هیچ ڕێکخراوێك هاوکاری نەکردوون و بە هێزو بازوی خۆیان

بناری قەندیل- گوندی ئاڵیەڕەش

گوندەکەیان ئاوەدان کردۆتەوە، جووتیارانی خاوەن مەڕو ماڵاتن و تاپادەیەکیش کاری کشتوکاڵی دەکەن، ئەم گوندە بەداخەوە تاکو ئێستا دەستی هاوکاری و ئاوەدانی نەگەیشتۆتێ و گەلێك کەم و کوڕیان هەیە. ئەگەر چی ئەم گوندە زیاتر لە سی قوتابی قۆناغی سەرەتایی هەیە بەڵام مامۆستا و بینای قوتابخانەیان نیە و ناچارن ڕێگەیەکی سەخت و شاخاوی بە پێ ببڕن و بۆ خوێندن ڕووبکەنە گوندی (سونێ) لە لایەکی تردەوە بنکەی تەندروستیان نییە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشەکانیان بە هەمان شێوە سود لە بنکەی تەندروستی گوندی سونێ وەردەگرن، ئەمە لە کاتێکدایە کە هیچ ڕێگایەکی تۆتۆمبیل گوندی سونێ و ئاڵیەڕەش بە یەکەوە نابەستێتەوە، بۆیە ناچارن نەخۆشەکانیان بە وڵاخ بگوازنەوە، گوندی ئاڵیەڕەش گیروگرفتەکانی تەنها نەبوونی قوتابخانە و بنکەی تەندروستی نیە بەڵکو چەندین کێشە و گرفتی تریان هەیە کەوا لێردا گرنگترین ئەو کێشانە دەخەینە بەرچاوی بەرپرسان:

- جێبەجێکردنی پڕۆژەی ئاو، هەرچەندە پێشتر بەڵێنیان پێدرابوو کە پڕۆژەی ئاویان بۆ جێبەجێ بکرێت بەڵام بە هۆی شەڕی نەگریسی نێوان (ی.ن.ك) و (P.K.K) جێبەجێ نەکرا.

- ڕاکێشانی جادە بۆ ناو گوند و بەستنەوەی بە گوندەکانی تری بناری قەندیل و ناحیەی سەنگەسەر، چونکە نەبوونی جادە کێشەیەکی گەورەی بۆ دروست کردوون، بە تایبەت ئەو کاتانەی کە بەشە خۆراك وەردەگرن بە هۆی خراپی ڕێگاو بانەکان خاوەن ئۆتۆمبیلەکان بە نرخێکی زۆر گران خۆراکەکەیان بۆ دەگوازنەوە.

- تیمێکی پزیشکی گەڕۆك بە سەریان بکاتەوە.

- کوتانی مەڕو ماڵات و پێدانی داوو دەرمانی تایبەت بە ئاژەڵ، چونکە ئەو ڕۆژەی کە ئێمە سەردانمان کردن وتیان نەخۆشی ڕووی لە ئاژەڵەکانمان کردووە داواشمان کردوە کە بەسەرمان بکەنەوە بەڵام گوێیان پێ نەدایین و گوتیان ئەم ناوچەیە لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمە.

- کردنەوەی قوتابخانە چونکە سێ قوتابیان هەیە.

گوندی سەرخان

گوندی سەرخان بە هەمان شێوە کە وتۆتە بناری قەندیل و باشووری گوندی ئاڵیەڕەشەوە، ژمارەی ماڵەکانی 12 ماڵە و 72 کەسی لێ نیشتەجێیە، ئەم گوندە لە ساڵی 1978 بە بڕیارێکی بۆگەن لە لایەن ڕژێمەوە وێران کراوە، پاشان لە ساڵی 1983 ئاوەدان کراوەتەوە بۆ ماوەی ساڵێك بەڵام دواتر لە ساڵی 1984 دیسان تێك دراوە، جارێکی تر و دوای ئازادبوونی کوردستان لە ساڵی 1992 خەڵکە خۆڕاگرەکەی گەڕاونەتەوە و گوندەکەیان ئاوەدان کردۆتەوە بێ هیچ هاوکارییەك، گوندی سەرخان هاوشێوەی زۆربەی گوندەکانی تری کوردستانە بە دست چەندین کێشە و گرفتەوە دەناڵێنێ کە پێویستە ئاوڕیان لێ بدرێتەوە و چارەسەری کێشە و گرفتەکانیان بکرێت. یەکێك لە کێشەکانی جووتیارانی ئەم گوندە بوونی ڕێژەیەکی زۆری (مین)ە لە سنووری ئەم گوندەدا ئەو مینانەش کەوتوونەتە (زوردلۆکە) و (داڕێ حاجی) کە هێ سەردەمی ڕژێمی سەدامن و هەندێکیشیان لەو بەینەی شەڕی (PKK) و (ی.ن.ك) دانراون و کارساتی دڵتەزێنیشیان ناوەتەوە، لە ڕێکەوتی (1994/12/4) هاوڵاتییەك بە ناوی (خدر محەمەد ئەمین) بە هۆی تەقینەوەی (مین)ەوە شەهید بووە، ئەوەی زیاتر سەرنج ڕاکێشە و لە هەمان کاتیشدا ئەوەی جێگەی دست خۆشیە ئەوەیە کە هەندێك هاوڵاتی ئەم گونده بە دەستی خۆیان زیاتر لە (10) هەزار مینیان پوچەڵ کردۆتەوە لە گەڵ ئەوەشدا هێشتا ژمارەیەکی زۆر مین ماون و بونەتە مەترسی و هەڕەشە بە سەر ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەکەوە. کێشە و گرفتی تریان زۆرە کە گرنگترین کێشەکانیان ئەمانەن:

- قوتابخانەیان نیە و دەکرێ بە هاوبەشی لە گەڵ گوندی ئاڵیەڕەش قوتابخانەیەکیان بۆ بکرێتەوە،

- پوچەڵ کردنەوەی ئەو (مین)انەی کە لەم ناوچەیەدا چێنراون،

- بنکەی تەندروستییان نییە و دەکرێ ئەویش بە هەمان شێوە بە هاوبەشی لە گەڵ گوندی ئاڵیەڕەش بنکەیەکی تەندروستیان بۆ بکرێتەوە،

- چاکردنەوەی ڕێگاکانی هاتوچۆ،

- دروست کردنی (پرد)ێك لەسەر چەمی (ماممەشان) بۆ بەستنەوەیان بە جادەی سەرەکی قەڵادزێ- شێخێ،

- ئەنجامدانی پڕۆژەی ئاو، چونکە ئاوی خواردنەوە لەو چەمە دابین دەکەن کە بە نزیك گوندەکەدا گوزەر دەکات،ئەم چەمەش لە وەرزی هاویندا هەم گەرمەو هەمیش پیسە دەبێت،

ترس لە فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا

یەکێکی تر لە کێشەکانی خەڵکی گوندەکانی بناری قەندیل کە کێشەیەکی گەورە و ترسناکە مەترسی بۆردومان کردنی ئەم ناوچەیەیە لە لایەن فڕۆکەکانی تورکیاوە.

ڕژێمی تورکیا هەمیشە بە بیانووی ڕاوەدونان و شوێن پێ هەڵگرتنی هێزەکانی PKK سنووری ئاسمانی هەرێمی کوردستان پێشێل کردووە و هیچ حیسابێکی بۆ دراوسێتی و سەروەری خاکی ئەم بەشەی کوردستانی نەکردووە. ئێستا PKK سەرجەم هێزەکانی لە چیای قەندیل و دەوروبەری مۆڵ داوە و گوندەکانی دامێنی چیای قەندیلیان کردۆتە بەشێك لە قەڵەم ڕەوی دەسەڵاتی خۆیان، فڕۆکەکانی ڕژێمی تورکیاش ڕۆژانە و بەردەوام بەسەر ئاسمانی ئەم ناوچەیەدا دەسوڕێنەوە و ترس و دڵە ڕاوکێیەکی زۆریان لە دڵی خەڵکی ئەم گوندانەدا دروست کردووە و ترسی ئەوەیان هەیە کە ئەم ناوچەیە بۆردومان بکرێت و لەو ناوەدا زیانیان بەربکەوێ، ئەم ترسەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە پێشتر لەساڵانی (1994-1995) فڕۆکە جەنگیەکانی تورکیا هێزەکانی (PKK)یان لە گوندەکانی (زەڵێ- شێخێ) بۆردومان کردووە و لە ئەنجامیشدا تەنها خەڵکی ئەم ناوچەیە بوون کە زیانی ماددی و گیانییان بەرکەوت. بۆیە دوورنیە لە کاتی بۆردومانی هێزەکانی PKK خەڵکی گوندەکانی بناری قەندیل بۆ پاراستنی ژیانی ماڵ و منداڵیان ئەم ناوچەیە بەجێ بێڵن و چۆڵی بکەن.

بناری قەندیل- گوندی سەرخان

بناری گۆیژەو ئەزمەڕ دەکرێتە شوێنی گەشت و گوزار

ئا/ ڕەحمان غەریب

لە کۆبوونەوەی هەفتانەی ئەنجومەنی شارەوانی سلێمانی، بڕیار لە سەر چەند کارێکی خزمەتگوزاری درا، لەوانەش تەرخانکردنی زەوییەکی فراوان بۆ ئەوەی بکرێتە شوێنی گەشت و گوزار لە بناری گۆیژەو ئەزمەڕ، بۆ تێشك خستنە سەر چۆنێتی دابەشکردن و بە کرێدانی ئەو پارچە زەوییانە چاومان کەوت بە بەڕێز عومەر شێخ عەبدوڵڵا ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی سلێمانی.

- بە کرێدانی ئەو شوێنانە چۆن دەبێت؟

+ بە پێی ئەو بڕیارەی لە کۆبوونەوەی هاوبەشی ئەنجومەنی وەزیرانی بەڕێز و ئەنجومەنی شارەوانی سلێمانیدا درا بۆ جوانترکردن و ڕازاوەتر کردنی شاری سلێمانی، بناری گۆیژەو پشتی شەقامی مەلیك مەحمود بکرێتە شوێنێکی نیشتەجێیی نایاب واتە (گەشت و گوزار) لە وێنەی باکوری بەیروت و تاران. وە ئەو شوێنانە بەکرێ نادرێن بەڵکو بە پارچەی 1000م2 بۆ 2000م2 جیا دەکرێنەوە و دواتر بە بانگەشەی ئازاد ئەفرۆشرێن بە هاوڵاتیان بە پێی مەرجەکانی شارەوانی.

-مەرجەکانی ئەنجومەن بۆ ئەو زەوییانە چین؟

+ پێویستە هەموو ئەو هاوڵاتیانەی کە ئەو پارچە زەوییانەی بناری گۆیژەو ئەکڕن بزانن کە شارەوانی ئەو مەرجانەی هەیە:

1- نیشتەجێی کوردستان و بە تایبەت شاری سلێمانی بێت.

2- ڕێژەی بیناکردن لە ناو پارچە زەوییەکەدا لە 20٪ زیاتر نەبێت.

3- شێوەی بیناکردن و دروستکردنی باخچەکەی بە شێوەیەکی جوان و ڕازاوە بێت و گرنگی تەواوی پێ بدات.

4- بە هیچ شێوەیەك کڕین و فرۆشتنی پێوە نەکرێت.

کەی دەست بە کارکردن دەکرێت؟

+ ئێستا لە شارەوانی سلێمانی نەخشەیەکی تایبەت بەو شوێنە هەیە کە وەزارەتی شارەوانی و بە هاوکاری شارەزایان ئامادەکراوە بەڵام هەندێ کاری هونەری و یاسایی بۆ زەوییەکان ماوە کە پێویستە تەواو بکرێن وەك کوژاندنەوەی زەوییەکان و گۆڕانی بەکارهێنانیان و کردنیان بە ناوی شارەوانییەوە، دوای ئەوانە دەست بە کار دەکرێت.

- شارەوانی پڕۆژەی تایبەت بە خۆیی دەبێت لەو شوێنە؟

+ بێگومان شارەوانی بە پێی بەرنامەی نوێی خۆیی لە هەر شوێنێك لە سنووری شارەوانیدا جێگا بۆ نیشتەجێ بیان بازرگانی دابین بکات گرنگیەکی تەواو ئەدات بە پڕۆژەی خزمەتگوزارییەکانی خۆیی بە تایبەت لەو شوێنەدا کە شوێنێکی گرنگ و جوانی شاری سلێمانییە، بە پێی نەخشە ئامادەکراوەکە شەقامی بەرین و باخ و شوێنی یاری منداڵان و خوێندگاو دایەنگاو بنکەی تەندروستی و یانەی خێزانی و گۆڕەپانی تێدایە.

- کەرتی گەشت و گوزار بایەخی تەواوی پێ نەداوە ئێوە چی دەڵێن؟

+ بەڕای ئێمە گەشت و گوزار جێگای گرنگ پێدانی دونیایی ئەمڕۆیە، لەم سەردەمەدا گەشت و گوزار نەك تەنها بۆ جوانی و سەیرکردنە بەڵکو هۆیەکی گرنگی ئابووری ولاتانیشە. سلێمانی بۆ خۆی شارێکی گەشت و گوزاری جوانە، لە دوای ڕاپەڕینەوە تا دوو ساڵی ڕابردوو بە داخەوە نەتوانرابوو وەك پێویست ئاوڕی لێ بدرێتەوە، لە سەرەتای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانییەکانەوە پە پشتیوانی و ڕێنمایی هەڤاڵی بەڕێز مام جەلال گرنگییەکی زۆردراوە بە بواری گەشت و گوزاری بەڵام نەتوانراوە هەموو شتێك بکرێت چونکە ئەو کارە بودجەیەکی زۆر و زەوەندی ئەوێت، وە کاتی زۆریشی ئەوێت تا باخ پێ ئەگات و نەمام گەورە ئەبێت.

لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا لە نێو شاری سلێمانیدا زیاتر لە 60 باخچە دروست کراون ئەوە بێجگە لە پارکی ئازادی و ڕێکخستنی دەروازەکانی شار کە چەند ملیۆنێك دیناریان تێچووە، هەروەها بۆ ساڵی 2002 بێجگە لە باخچەی ناو شار پارکی دووهەمی شاری سلێمانی لە ڕۆژهەڵاتی سلێمانی دروست دەکرێت.

بەڵام شوێنە گەشت و گوزارییەکانی دەرەوەی سلێمانی سەر بە وەزارەتی شارەوانی و بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشت و گوزارن و پەیوەندیان بە شارەوانی سلێمانییەوە نییە..

لێردەدا بۆچوونێکم بۆ دروست بووە ئەویش ئەوەیە کە کاتی ئەوە هاتووە سەرچنار کە ئێستا بووەتە گەرەکێك لە شاری سلێمانی، ڕەنگە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشت و گوزار پێ ڕانەگات وەك پێویست خزمەتی بکات بدرێتەوبە شارەوانی سلێمانی تا بتوانین بودجەیەکی باشی بۆ دابین بکەین و کار خزمەتگوزاریی و گەشت و گوزاری و ژینکە پارێزییەکیش یەك بخەین بە مەبەستی خزمەتکردنی زیاتری سەرچنار، لەگەڵ داوای لێبوردن لە گەشت و گوزار.

بە سەرکردنەوەی ئۆردوگاو گوندەکانی سنووری ناحیەی خەبات

ئا: ئیبراهیم خەبات

ئۆردوگای کەورگۆسك یەکێکە لەو ئۆردوگایانەی لە سەر دستی ڕژێمی بەعس دروست کرا لە ساڵی 1988 لە ئەنجامی سیاسەتی ڕەگەز پەرستانەی ڕژێم بۆ ڕاگوێزکردنی گوند و شار و شارۆچەکەکان و کۆکردنەوەیان لە ئۆردوگای زۆرەملێ، ئەم ئۆردوگایە ڕاگوێزکراوی ناوچەکانی قەراج و کەندێناوە و بتوێن و شوان و گەرمیان.... هتد لێ نیشتەجێ کراوە بۆ ئاشنابوون لەگەڵ دانیشتوانی ئەو ئۆردوگایە و کێشە و کەم و کوڕییەکانیان لە نزیکەوە ئەم بەڕێزانەمان دواند.

سەرەتایی دروست بوونی ئۆردوگای کەورگۆسك

مام ئەبو زێد دانیشتوی ئۆردوگا وتی:

لە ساڵی 1988 لە ئەنجامی سیاسەتی ڕەگەز پەرستانەی ڕژێمی بەعس کە هەڵسا بە ڕاگوێزکردنی خەڵکی کوردستان لە جێگاو شوێنی خۆیان و کۆکردنەوەیان لە ئۆردوگاکان، ئۆردوگای کەورگۆسك سەرەتا خەڵکێکی زۆری لێ کۆکراوە کە خەڵکی (کەندێناوە و قەراج و شەماملك و قەڵادزێ و شوان و گەرمیان و شێخ بزێن)ی لە خۆ گرتبوو خەڵکی لە سەر زێدی باب و باپیرانیان وەدەرنران لە بەرژەوەندی خۆیان دابڕان بە زۆری زۆردار لەم شوێنە نیشتەجێکران لە پاش ڕاپەڕینی بەهاری 1991 و ڕزگارکردنی بەشێکی زۆری کوردستان خەڵکی قەڵادزێ و زۆر لە شوێنەکان گەڕانەوە شوێنی خۆیان ئەوەی ماوە تاکو ئێستا کە خاکەکانیان بە داگیرکراوی ماوەتەوە لێرە ژیان بە کولەمەرگی دەبنە سەر.

ژیان و گوزەرانی دانیشتوانی ئۆردوگای کەورگۆسك

مامۆستا ئیدریس محەمەد قەراجی وتی:

دانیشتوانی ئێستای کەورگۆسك بە هۆی ئەوەی هەر هەموی ڕاگوێزکراوە و لە بەرژەوەندی خۆیان دابڕاون زۆری بێکار ماوەتەوە بۆ نموونە ئێمە لە 10/5/1988 کە لە قەراج ڕاگوێزکراین لە شوێنی خۆمان کارو کەسابەتمان هەبوو کە هاتینە ئێرە هیچمی نەما و بێگومان خەڵك وەکو ئێمەیە لە کەورگۆسك زۆرە. زۆر لەم خەڵکە هەر هەموی خاوەن زەوی بوو ئێستا لە لایەن ڕژێم و عەشایری عەرەب سوودی لێ دەبینرێ.

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەم ئۆردوگایە بە حیساب ئاوەدانە بەڵام تەماشا دەکەی وێرانە، بە هۆی ئەوەی لە لایەك خۆشبەختانە لە دوای ڕاپەڕین زۆر لەو خەڵکەی شوێنە کانیان ڕزگارکرا گەڕانەوە جێگای خۆیان و لە لایەکی تریش ئاوڕنەدانەوە و بایەخ پێ نەدانی ئەم خەڵکە بۆ ئەوەنە بۆ هەموو شوێنەکان موەلیدەی کارەبا دانراوە تەنها لێرە نەبێت. دانیشتوانی کەورگۆسك زۆربان بە زراعەت خۆیان خەریك کردووە و ئەوەش بەسەرمایە دەکرێت و ئەوەی سەرمایەی نەبێت ناتوانێت زراعەت بکات و تەنها کرێکاری بەر دەکەوێت لە کێڵگەکان و کاری قورس ئەنجام دەدەن بە ڕامبەر ڕۆژانەیەکی کەم و زۆر لە ئافرەتان بە هۆی ژیان و گوزەرانی خێزانەکانیان ڕوودەکەنە کێڵگەکان بۆ کرێکاری ڕۆژانە کانیان لە پیاوان کەمترە. خەڵکی لەم ئۆردوگایە هیچ شێوازێك و شوێنێك شك نابەن بۆ خۆ ڕۆشنبیرکردن لە کاتێك زۆر پێویستە خەڵکی ڕۆشنبیر بکرێت بزانن لە ئەنجامی (تعریب) تووشی ئەم نەهامەتییە هاتوون، دەتوانم بڵێم ئۆردوگای کەورگۆسك لە زۆر خزمەتگوزاری بێ بەش کراوە.

کێشەکانی قوتابیان و لاوان

قوتابی سەلاحەدین محەمەد عەلی وتی:

ئێمەی قوتابیان لە قوتابخانەدا گیروگرفتمان زۆرە یەکێك لە کێشە هەرە گەورەکان نەبوونی مامۆستای تایبەت بە وانەکانە وەکو بابەتی (فیزیا و ئینگلیزی) و نەبوونی مامۆستا بۆ ئەم (2) بابەتە بۆتە کێشە لە بەردەم قوتابیان بۆ دڕێژەدان بە خوێندن و هێنانی پلەی بەرز، ئێمە سەرەڕای نەبوونی مامۆستای چەند بابەتێك تووشی کێشەیەکی تری گەورە بوینەتەوە ئەویش بڕیاری دەرکردنی قوتابیە بە تەمەنەکانە ئەم قوتابیانە هەڵبەتە هۆ هەبووە کە کاتی خۆی واز لە خوێندن بێنێت ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ژیان و گوزەران و باری سیاسی لە هەمان کاتدا ئەم بڕیارە لە شوێنێك پیادە دەکرێت کە قوتابخانەی شەوانەی لێ هەبێت ئێمە لە کەورگۆسك هەروەکو لە سەرەتا ئامازەم پێدا نەتوانراوە قوتابخانەی ڕۆژانە مامۆستای بۆ دابنرێت چۆن دەکرێت قوتابخانە شەوانە بۆی دابنرێت هەق وایە کاربەدەستان لە تەك ئەم بڕیارە بڕیارێکی تر دەربکەن بەوەش بۆ قوتابییە بە تەمەنەکان بکەنەوە تاکو بتوانن دڕێژە بە خوێندن بدەن تاکو لە دوارۆژ خزمەتی گەل و نیشتمانەکەیان بکەن.

زیرك وەکو لاوێك وتی:

ئێمەی لاوان لە کەورگۆسك لە زۆر مافو خواست بێ بەش کراوین و زۆر گیروگرفتمان دێتە پێشو بە پێی ئەوەی لاوان تووشی بەرفراوانن ئێمەی لاوان لە کەورگۆسك لە زۆر مافو خواست بێ بەش کراوین و زۆر گیروگرفتمان دێتە پێشو بە پێی ئەوەی لاوان تووشی بەرفراوانن هەر بۆیە کێشەك هەبێت یەکەم جار ڕووبەڕووی ئێمەی لاوان دەبێتەوە دەتوانم بڵێم هیچ دستی یارمەتی بۆ لاوانی کەورگۆسك دڕێژ نەکراوە تەنها ڕێکخراوی یەکێتی لاوانی دیموکراتی لە کوردستانی عێراق نەبێت بەم دواییە یارمەتی کۆمەڵێك لاوی داوە و کەلو پەلی وەرزشی بۆ دابین کردوون و تیپێکیان بۆ خۆیان دامەزراندووە. شایەنی باسە لاوان پێویستیان بە هۆشیار کردنەوە و ڕۆشنبیرکردن هەیە بۆیە دەڵێم ئێمە داپڕاوین و بگرە لاوێکی بەرچاویش نەخوێندەوارە و خۆی لە خۆیدا ئەمەش کێشەیەکی گەورەیە.

کەم و کوڕی و گرفتەکان

مام جەعفەر وتی:

ئۆردوگای کەورگۆسك بە هۆی ئەوەی خەڵکێکی زۆری هەژارە هەقە ئاوڕێکی باشی لێ بدرێتەوە گەورەترین و دیارترین کەم و کوڕیمان نەبوونی کارەبایە وەکو زانراوە بۆ زۆر شوێن مووڵیدەی کارەبا دانراوە بەڵام لێرە دانەنراوە وەکو بڕیارێش بوو جێگاش دانراوە ئێستا ئێمە نە مووڵیدەمان هەیە نە کارەبامان هەیە.

گرفتی نەبوونی و کەم دەرامەتی ئەم خەڵکە هیچ کارێك شك نابات، خەڵك هەیە ئێستا شوێنەکەیان ئازادە ناتوانن بگەڕێنەوە جێگای خۆیان، باشە بەرپرسان هەوڵبدەن هاوکاری ئەم خەڵکە هەژارە بکەن و گرفتەکانیان بۆ چارەسەر بکەن لە ڕووی نەبوونی کارەبا و بێکاری و کەم دەرامەتی و نەبوونی خزمەتگوزاری و دەستگری ئەم خەڵکەبن کە دەتوانن بگەڕێنەوە جێگای خۆیان و شوێنەکانیان ئازادە تاکو بتوانن جێگای خۆیان ئاوەدان بکەنەوە. ئومێدەوارم لە ئایندەیەکی نزیك ڕژێمی بەعس بڕوخێ و ئەم شوێنانەی ماوە ڕزگار بکرێت و خەڵکی بگەڕێتەوە جێگاو شوێنی خۆیان.